فاتمە، هاوسەری شەهید غەریب هەڵەدنی

ئەو ژنەی هەمیشە بەڕێگاوە بوو

فاتمە، هاوسەری شەهید غەریب هەڵەدنی

ئا/ دیدەم

چ جۆرە ژیانێکە؟ ماڵت بوخچەی کۆڵ بێت و هەر ڕۆژەی لەگوندو بن بەردێك بژیت، ڕەنگە ئەو جۆرە ژیانە بۆ کەسێکی ڕەبەن ئاسایی بێت، بەڵام بۆ خێزانێك کە بەمانای وشە ماڵ و خاوەنی مناڵیش بێت، بڕواناکەم جگە لە ماڵە پێشمەرگە کەسی تر بەرگەی بگرێت.

لەم دیدارەی فاتمە خانی هاوسەری شەهید غەریب هەڵەدنی، تەنها باسی ئەو لایەنە دەکەین و خۆمان لە هەموو ئەو مەینەتیانەی تر کەبەسەریان هاتووە، دەبوێرین. تاکو نەوەی نوێ بزانێت کەسانێك لەپێناو ئازادیدا وەها ژیانیان گوزەراندوە.

بەوپێیەی شەهید غەریب کلۆلیەکی زۆری چەشت تا بە خۆشەویستەکەی گەیشت، پرسیاری سەرەتای یەکترناسینیان و چیرۆکی بەیەکگەیشتنیانم کردە دەستپێکی ئەم دیدارەو فاتمە خانی تەمەن 43 ساڵیش ووتی: پایزی ساڵی 1978 شەهید غەریب لەکارەساتی هەکاری گەڕابۆوەو لەگەڵ عەلی مام وەسمان کە کوڕی پورمە هاتن بۆ ماڵی ئێمە و شەو مانەوە، دوای ئەوە چەندجارێکیتریش هاتەوە، ئەو کاتە من غەریبم نەدەناسی، بەڵام گومانم کرد کە مەبەستێکی هەیە.

ئەوەبو کاتژمێر 8ی شەوێکی پایزی ئەو ساڵە لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە هاتەوەو داوای منی کرد، باوکیشم پێی خۆش نەبوو، هەرچەندە دایکیشم مابوو، بەڵام وەك بەهانەیەك داوای ژنی بۆ خۆیکرد، ئیتر قسەکەوتەنێوان من و غەریب، ماوەیەکی زۆر چەندجارێك هاتنەوە، بەڵام باوکم لەسەر داواکەی خۆی سوور بوو، هەرچۆنێك بوو دوای نزیکەی دووساڵ، کۆمەڵێك پیاوماقولکەوتنە نێوان و ڕۆژی 1980/3/15، مارەیان لەغەریب بریم و دوای چوارمانگ بوینە هاوسەری یەکتری.

- یەکەمجار ماڵتان لەکوێ داناو ژیانی هاوسەریتان چۆن دەستپێکرد؟

*ماڵمان لە گوندی هەڵدن داناو لەیەکم شەوی بوکێنیمدا، سەعات دووی شەو شەهید قادر چاوشین و کۆمەڵێك پێشمەرگەی تر بۆ کاری پێشمەرگانە هاتن بەدوای شەهید غەریبداو بردیان. دوای هەفتەیەکیش ڕۆشیت بۆ ناوچەی مەرگەو پانزە شەو نەهاتەوە، زۆرجار پێم دەگوت: با ماوەیەك پێکەوە بین، ئەوەندە جەوڵە مەکە، ئەویش پێی دەگوتم: هیچ شتێك لە خۆشەویستی تۆ کەمناکاتەوە، بەڵام خۆشەویستی گەل و نیشتمان لەسەرروو هەموشتێکیترەوەیە. هێشتا تازە بووك بووم، ڕژێم هێرشی کردە سەرگوندەکەمان و چوینە بەری مادێنە، تا ماوەیەکی زۆر لەئەشکەوتێکدابووین.

ساڵی 1982 ش چوو بۆ کوردستانی ئێران و بەشداری شەڕەکانی ئەوێی کرد، چەند مانگێکی پێچوو، زۆر درەنگ یەکتریمان دەبینی.

ڕۆژی 1985/10/15 شەهید غەریب لەگەڵ کاك جەبار فەرمان چوو بۆ ناوچەی قەرەداغ و منیش دوای ماوەیەك چووم بۆلای، تا شەوی 12\13 / 1985/11 بەرەو هەڵەدن هاتمەوە، ساڵی 1986 بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بوو، حکومەت بەردەوام هێرش و تۆپبارانی دەکردین، (غەریب)یش بەرادەیەك سەرقاڵی شەڕەکان و جەوڵەکردن، لە مانگێکدا یەك شەو دەهاتەوە.

ئەو ماوەیە خانوەکەی خۆمان دابوو بەماڵی کاك نەوشیروان، منیش چووبووم بۆ گوندی چاڵاوا، مانگی 5ی 1986 ڕژێم بۆردومانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی کردو ڕۆژێك 70 ساروخی گرتە چاڵاوا، شەهید غەریب هاتەوە بۆ هەواڵ پرسین، کەزانی سەلامەتین، ڕۆشتەوە بۆ سەرگەڵو، دوای هەفتەیەك چاڵاوا بۆردومان کرایەوە، ئینجا ماڵی خەزورم هاتنەوە بەدوامداو چومەوە بۆ هەڵەدن، بەهۆی تۆپبارانەوە هەڵەدنیش چۆڵکراو چوینە خوار گوندەکەوە.

- فاتمە خان ئەو کاتە چۆن دەژیایت ئایا منداڵت هەبوو ؟

* ئەو کاتە پێنج منداڵم هەبوو،لەناو ئەشکەوت و بنبەردەکاندا دەژیاین و جل و بەرگێکی واشمان نەبوو، تەنانەت ڕۆژی جەژنەکانیش وەك ڕۆژێکی ئاسایی بەڕێدەکرا.

- ئایا لەو جۆرە ژیانە بێزارنەبوویت؟ یاخود داوات نەدەکرد شەهید غەریب واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت؟

* ئەوەی ئێمە بینیمان هەرژیان نەبوو، شەوانە خوشکێکی غەریب لەو کێوە لای خۆم و منداڵەکان دەخەوت، بەردەوامیش چکومەت هێرشی بۆ دەکردین، بەڵام قەد ئەو داوایەم لێنەدەکرد، هەموو جارێك غەریب کە دەهاتەوە دەیگووت: فاتمە بەشێکی سەرکەوتنەکانم بەهۆی یارمەتی تۆوەیە.

- ساڵی 1986 کاك غەریب ئەرکی هێنانی چەك و تەقەمەنی لە ئێرانەوە بۆ کوردستان پێسپێردرابوو، ئەو کاتە تۆ لەکوێ بویت؟

* منیش لەگەڵی چووم، ڕۆژی 1986/11/6 لەگەڵ غەریب و محەمەدی شوبرام و دوو کەسی ترکە وڵاخیان پێبوو، بەڕێکەوتین. ئەو کاتەش شەڕی ئێران و عێراق زۆر سەخت ببوو بەردەوام تۆپ و ڕاجیمە لەدەورو پشتمانی ئەدا، کە گەیشتینە گەڵاڵە مام جەلال و هەموو سەرکردایەتی یەکێتی لەوێ بوون، بەڕێز مام جەلال داوای لە غەریب کرد بۆ شارەزایی ڕێگا لەگەڵیان بگەڕێتەوە بۆ بەرگەلو، من و منداڵەکانیش لەگەڵ محەمەدی برای غەریب لە گەڵاڵە ماینەوە، بۆبەیانی تۆپبارانی گەڵاڵە کراو 7 پێشمەرگە بریندار بوون، کاك جەبار فەرمان وتی: حکومەت بەرەو گەڵاڵە هێرش دەکات و تا زووە لێرە نەمێنن، ئینجا ڕۆیشتین بۆ ئێوارە گەیشتینە سەرچەمی(هەرزنە) نێوان خاکی ئێران و عێراق، چەمەکەش زۆربوو، لەمبەرو ئەوبەری ئاوەکە (سیم)یان ڕایەڵ کردبوو، لەگەڵ منداڵەکان بەو سیمانە پەڕینەوە بۆ خاکی ئێران.

– ئێوە بۆ کوێ دەچوون؟

* دەچووین بۆ (ئەشکان) کە گوندێکی ئێرانە، یەکێتی مەبەستی بوو تا هەموو چەکەکان ئەگاتە کوردستان لەوێ بمێنینەوە.دوای ئەوە کاك نەوشیروان و کاك جەبار و شەهید غەریب گەشتنە لامان لە ئەشکان، بۆ بەیانی هەندێك ئیشو کاری خۆیان کردوو چونەوە بۆ گەڵاڵە، بەردەوامیش حکومەتی عێراق بۆردومانی ئەشکان و گوندەکانی ئێرانی دەکرد، پاشان غەریب هاتەوەو ئەرکەکەی خۆی جێبەجێکرد. لەو کاتەشدا حکومەتی دەستیگرت بەسەر ناوچەکانی ماوەت و سەفرەو گەڵاڵەو شاناخسێ، تیپی 37ی شاربازێریش هاتە ئەمدیوو، کاك جەبار بەجیهاز داوای لە غەریب کرد کە ڤیدۆیەك و 700 دیناری لای تیپی 37 بوو، بۆی بەڕێتەوە بۆ عێراق، لەدەوروبەری 12/20 غەریب بەرنامەی گەرانەوەی دانا، پێش ئەوە ڕۆژێك چوینە سەردەشت و لە ئۆتێل ماینەوە، بەیانی غەریب چوو پارەو ڤیدیۆکە وەربگرێتەوە، شەو نەهاتەوە، بەیانی کەسێك هات ووتی: لە ئێوارەوە کاك غەریب لە فەرماندارى گیراوەلەسەر ئەو شتانەی پێی بوو، منیش ناچار دەرگام لەسەر منداڵەکان داخست چووم بۆ لای (نمایندە) نوێنەری یەکێتی لە ئێران، بەڵام نەیانتوانی بەری بدەن، دواتر هاتمەوە بۆ ئۆتێلەکە، لەوکاتەدا کاك فەرەیدون عەبدولقادر لە تاران هاتبۆوە بە گریانەوە هەواڵی غەریبم پێدا و ئەویش چوو لەگەڵ خۆی هێنایەوە.

لەوهاتن و چونەدا پارەمان لێبرا، بەغەریبم ووت: لە 700 دینارەکەی کاك جەبار مەسرەفمان بکات، تورەبوو ووتی: ئەو پارەیە ئەمانەتە.

لەگەڕانەوەماندا بۆ عیراق، چوینە (ئۆکان)و سبەینێش گەیشتینە شێنێ، بەڵام بەفر ڕێگای گرتبوو، شەش ڕۆژ ماینەوە، هەرچۆنێك بوو کاروانیەکان ڕێگایان کردەوەو لەگەڵیان ڕۆشتین، تا گەیشتینە گوندی (سوێسنە) لە بناری قەندیل. غەریبم لەگەڵ بوو، لەوێ منی دایە دەستی دوو کەسی باوەڕپێکراو، خۆشی بەرەو نۆکان و قاسمەرەش گەڕایەوە.

ئیتر کات بوو بەیەك و دووی مانگی یەکی 1987 و زستانێکی زۆر سارد بوو، هەڕلەبایایەوە خۆم و سێ منداڵ بەسواری ولاخ بەڕێکەوتین، سەعات 2 گەیشتێینە گوندی(ڕەزگە) و نانمان لەوێ خوارد، پاشان بەڕێکەوتینەوە، لەڕێگا چەند جارێك ولاخەکە سەرسمی ئەداو خندەی کچم کەلەساڵی 1991 مرد بەردەبۆوە، ئیتر بەبناری قەندیلدا و بەشەو وبەڕۆژ ڕێگامان دەبڕی، بەیانی گەیشتینە ئۆردوگای (بەستەستێن). ئەو ماڵەی کە دەبوبچم بۆلایان لەترسی حکومەت پەنایان نەدام.

ناچار چووم بۆ (ژاراوە) بۆ لای کوڕێك کە ناوی برایم بوو، دۆستێ شۆڕش بوو، ئەویش ئێمەی گەیاندەوە بۆ سلێمانی .

– دوای ئەو گەشتە دورو درژوارە چۆن ژیانتان دەیت پێکردەوە؟

* ماوەیەك لە هەڵەدن بوین دواتر چووین بۆ گوندی (یاخسەمەر)، بەردەوامیش شەهید غەریب پێشمەرگەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە و جل و بەرگم بۆ ئەشۆرین و، هەرگیز بێزاریشم نەداوە بەرووید‌ا.

– ئەی کە ئەنفال دەستپێکرد چیتانکرد؟

* زنجیرەیەك هێرشی کیمیایی کرایە سەرناوچەکە، غەریب بریندار‌بوو و 14 کەسیش شەهید بوو، لەناویاندا یاسینی خاڵۆزای غەریب لەگەڵ کچەکەیدا بەیەکەوە شەهید ببوو.

لەو کاتە ناسکەداو بەبریندار‌یش وەکو هەموو جارەکانی تر غەریب لامان نەمایەوە.

ئەوکاتەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی دەستپێکرد، بەرەو شاخی ژیلوان ڕۆیشتین. هەموو خێزانی پێشمەرگە و هاوڵاتی لەوێ کۆبوینەوە، جیهازیان بۆ غەریب کرد کەبەپەلە بڕۆین بەرەو سنورەکان، لەوێش چەندین شەووڕۆژ بەو شاخ و هەڵدێرەدا دەڕۆیشتین، بەردەوامیش بۆردومان دەکراین، خەڵکی بەتەمەن بەجێ دەما، من خۆم منداڵی مەلۆتکەم بینی کە بەزیندوێتی فڕێدرابوو، لەسەر سنور غەریب لەگەڵمان نەهات ووتی: سوێندم خواردووە، ئەبێ دوای هەموو کەسێك من کوردستان چۆڵبکەم.

ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرەدا چوینە شاری بانەو سێ ڕۆژ لەماڵێك مامەوە، دوای چوار ڕۆژ لەمزگەوتەکەی بانە غەریبم بینیوە، دیارە سوێندەکەی بەجێگەیاند بو .

– کە گەیشتنە ئێران لە کوێ نیشتەجێبوون؟

*چوینە گوندی (بێوران) لەناوچەی سەردەشت کە ئەو شوێنەش بەرەی جەنگی ئێران عێراق بو، ئەو خەڵکە هیچی کەلوپەلی ماڵی نەبو، سەرکردایەتی 9000 هەزار تومەنی دەدایە هەرماڵێك و هەندێك پێداویستیمان کری، دوای ئەوە غەریب خانوێکی بۆ گرتم، ئینجا ڕۆشتەوە بۆ شاناحسێی کوردستانی عێراق کە هەندێ بارەگای پێشمەرگەی لێمابوو.

ماڵی پێشمەرگە بە شارو گوندەکانی ئێراندا بڵاوببونەوە، لەڕووی جلوبەرگ و خۆراك و کەلوپەلی ماڵ زۆرنەداربوین، مانگی (5)ی 1988 ڕێکخراوی مانگی سوری ئێرانی لەسەرداوای شۆڕش ئۆردوگای(پیر شێخ) یان لەناوچەی سەردەشت دروستکردو ئێمەش چوینە ئەوێ، بەڵام خانوەکان زۆر پەرپوت بون، خەڵك دەچونە ژێر خێمەوە من و منداڵەکان بەتەنها بوین، دوای ماوەیەکی زۆر هەواڵیان دامێ کە غەریب هاتۆتەوە بۆ ئێران، وامزانی بۆ هاوکاری من هاتۆتەوەو شوێنەکەمان بۆ چاکدەکات، بەڵام ئەو وتی: تەنها ئەم شەو لێرەدەبم، سبەینێ دەڕۆمەوە بۆ عێراق ، حکومەت هێرش دەکاتە سەر مەڵبەندی 3 .

– ئەو ماڵانیتر پیاویان لەگەڵ بوو؟

* زۆربەیان لەگەڵیان بوون، شەهید غەریب ئەیویست بەهۆی ماڵ و منداڵەوە لە پێشمەرگایەتی دانەبڕێت، زۆر لەوە دەترسا پێی بڵێن خۆی دزیوەتەوە، تەنانەت لە (بێوران) پێم ووت: غەریب گیان ئەوا هەمووان ئاوارە بوین و شۆڕش و پێشمەرگایەتیش کۆتایی هات، ئینجا باماوەیەك بەیەکەوە بژین! لەوەڵامدا وتی: بەتەمامەبە لە ئێران دابنیشم، لەمەو دوا شەڕی پارتیزانی دەستپێدەکەمەوە.

ئیتر 300 تومەنی ئێرانی دامێ کە 10 دیناری عێراقی نەدەکرد، لە 5/25 ڕۆیشت تا 1988/9/20 نەمبینیەوە، ئینجا بۆخۆم خێمەم هەڵدا و بەکۆڵ دارو چیلکەم دەهێنا، خوا ئاگاداره لەژێر خێمەکەدا سەتڵە ئاومان دادەنا ئەیبەست، لە کونی خێمەکەوە ئاودەهاتە ژورەوەو دەبوبەسەهۆڵ ، کاك بەکر یاخسەمەری لە جەژنەکاندا جاری نیوکیلۆ گۆشتی دەدامێ بۆ منداڵەکان ، ژیانی هەمومان زۆر ناخۆش بو، لەناچاریدا ئەو دوکراسە کوردیەی لە عێراق هێنابووم، یەکێکیانم فرۆشت و دام بە ئارد، ڕۆژانە کراسی خەڵکم بەدەست ئەدوری بە (40تا 50) تومەن و پێویستی ڕۆژانەم پێ دابیندەکرد، خۆشم پێلاوی کۆنەی خەڵکم لەپێئەکرد.

کە ئەنفالی مەڵبەندی 3 تەواو بوو، غەریب هاتەوەو خۆشی کەوتە ناومانەوە، بەڵام زۆری نەخایاند خۆی ئامادە کردولە 1988/10/20بەکاری پارتیزانی ڕۆشتەوە بۆ دۆڵی جافایەتی، تا ڕۆژی 1989/7/14 نەهاتەوە.

سەرەتای مانگی یەکی ساڵی 1989 بەفرێکی زۆر باری و ڕەوەندی کورم نەخۆشکەوت، کازیوە کەوتە ناو تەندورەوە و لە نەخۆشخانەی سەردەشت خەواندیان دەرامەتیشمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر ئەبوو، بۆیە دکتۆر تەها حاجیتانی کەخاڵۆزای شەهید غەریب بوو، هەمومانی برد بۆ ماڵی خۆیان لەنەڵاس، ڕۆژی 6/ 1 / 1989 خانوەکانی پیرشێخ تەواو بوو چوینە ناوی ، بەڵام ئاو دەهاتە ژورەوەو گەچەکەی بەسەرماندا ئەهاتە خوارەوە، ناچار لە مانگی 4دا بەو سەرمایە هاتینەوە ژێر خێمە. پێویستە ئەوەش بلێم و زۆر مەمنونیانم کوڕەکانی ماڵی مام خدر هەڵەدنی بەدرێژایی زستان لەشاخەکان داریان بۆ دەبڕیم، منیش بەکۆڵ دەمهێنایەوە.

ئەو چەند ساڵەی لە ئێران بوین تا ڕاپەڕین چەند شەوێك غەریب هاتەوە.

- وابزانم کەڕاپەڕین ڕوویدا شەهید غەریب چوەوە بۆ گوندی هەڵەدن و دەستیکرد بەکاری جوتیاری، ئایا ڕاستە؟

*بەڵێ ڕاستە، پێویستە ئەوەش بڵێم لەکاتی گرتنی فەوجەکەی مەرگە لەڕاپەڕیندا غەریب بریندار‌بوو، بەڵام بەمنیان نەدەگووت: ناچار نامەیەکم بۆ نوسی تێیدا وتبووم: غەریب گیان جاران لە دورترین شوێن هەواڵی ئێمەت دەپرسی، ئێستا کەگەشتویتەتە کوردستان ئێمەت لەبیرچۆتەوە ؟ غەریبیش وەڵامی دامەوەو نوسیبوی: فاتمەگیان نامەکت بو بەرهەمی برینم ، چونکە من بریندارم لە سلێمانیم.

ئیتر کەراپەڕین تەواو بوو، چوین بۆ گوندی هەڵەدن ودەستمان کرد بەکاری کشتوکاڵی، بەڵام بەردەوام بەرێز مام جەلال و کاك عوسمانی حاجی مەحمود و کاك جەبار فەرمان و مامۆستا جەمال محەمەد داوایان لێدەکرد لەوێ نەمێنێ و ئەرکی تازە بگرێتە دەست.

ئەوە بو لەمانگی 1992/12 ماڵمان هاتە ئۆردوگای پیرەمەگرون و خانویەکمان بەکرێگرت، غەریبیش بوبەفەرماندەی لیوای 22ی سوپای یەکگرتوی کوردستان و ماڵیشمان چوو بۆ دوکان.

– ئیتر لێرەوە بەدواوە فاتمەخان چاوەکانی پربوو لە ئاوو دەنگی بزرکا!!! چونکە دوکان دوا وێستگەی ژیان و لیوای 22 دوا مەیدانی خەباتی غەریب هەڵەدنی پارتیزان بوو، لە ڕۆژی 1993/7/23 بەهەڵە و لە لەئازادیدا شەهیدیانکرد، مخابن.

فاتمەش سەرەڕای هەموو برینەکانی و لەگەڵ هەموو یادەوەریە تاڵەکانی ژیانیداهیوای یەکگرتوویی هەموو کوردو سەرکەوتنی حکومەتی کوردی، بەئاوات خواست .

لە کۆتایشدا پێویستە ئەوە بەبیری خوێنەران بێنینەوە، کە شەهید غەریب لەساڵی 1993 بەردێکی گرانبەهای شوێنەوارو مێژوویی کە چەند ساڵ پاراستبووی، لەوپەری نەداریدا نەیفرۆشت و بەمۆزەخانەی شوێنەواری سلێمانی بەخشی، هەر لەو بارەیەوەو لەچوارچێوەی ئەم دیدارە، فاتمە خانی هاوسەری ئامارژەی پێدا. کە ڕۆژێك شەهید غەریب بەردەکەی نیشانداوە و پێی گوتوە کە زیاتر لە 125000 دیناری دەدەنێ، بەڵام نایفرۆشێ.

فاتمە دەڵێت: لەوکاتەدا لەڕووی پێداویستی ماڵەوەڕۆژ نەدارباوین، نوێن و سەلاجە و تەلەفزیۆن و تەباخ و هتد .. مان نەبوو، بەڵام غەریب بەردەکەی نەفرۆشت دایبە شارەزایانی بواری شوێنەوار.



لەدەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵەدنییەوە

کۆچ و هەڕەشەی قەیرەبوون

غاندی

بابەتەکە نوێ نییە، بەڵکو پازدە ساڵە بەشێوازی جۆراوجۆڕو بەچڕوپڕی قەسەی لێ دەکرێ و هەنوکەش کۆن بووە بەلام هەمیشە تازەیە. ئەویش تاعونی کۆچەو ڕوی لەم نیشتمانە ڕەش پۆشەی ئێمە کردوە کەلە نێوان بەرداشی هاوسێ چاوچنۆکەکانیدا کسکۆڵەی کردوەوهەمیشە لەهەوڵی پوچەڵکردنەوەی پلانو گۆڵمەزە جۆراوجۆرە نەخشە بۆ داڕێژراو حیساب بۆ کراوەکاندایە بۆیە تا ئاوڕ لەخەمێك دەدەاتەوە خەمێکی دی سەرهەڵدەدا. بەهەر حاڵ بادوور نەڕۆین. هەموو ڕوپەڕی ڕۆژنامەو بەشەکانی بینراوو ووبیستراو باس لەخەمەکان دەکەن، تەنانەت هەڵچونی کۆمەڵانی خەڵك و ڕژانە سەر شەقام و دەبرینی بێزاری هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگاو ڕەوتی پێشکەوتنی خێرای دنیای ئەمڕۆ هێندەی تر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

تێنەگەیشتنی خەڵکی لە پرۆژەو کاری داهاتووی حکومەت و جۆرێك لە شڵەژان و کەمێك بڕسکانی حکومەتیش بەهۆی ئەو نازەی کەلەناکاو جەماوەر بەسەریدا کردی ڕوداوە کتوپڕەکانی وەك چەندین هەڵبژاردن و دانانی دەستورو بنیاتنانەوەی دوو حکومەتی مەرکەزی و ناخۆیی ئەویش کەمێك حکومەتی مەشغول کرد، ئەمەش ئەو دەرئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە شاڵاوی هەوری کوللەی کۆچ باڵی داکێشاوەتە گوڵشەنی تازە ساڤیای کوردستان و هەموان بیر لە کۆچ دەکەنەوە بە تایبەت ئاپۆڕای گەنج کە ئەویش هەرەشەیەکی گەورەی ژێرخانی ئەم نیشتمانەیە و چەندین دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە یەك لەوانەی من ئامارژەی پێدەکەم بە درێژایی ڕۆژگار، بەشی بەرانبەر یان کە کچانن ئەوان بێ بەرانبەر دەمێننەوە و چارەنوسی قەیرەبوون چاوەڕوانیان دەکات چونکە ئەوان بەردەوام کۆچ دەکەن و کچانیش بەردەوام گەورە دەبن.

ئەم وولاتەی ئێمەش کلتوری چاولێکەری هێشتا پێوەدیارەو کە دیاردەی کۆچ و کەم بونەوەی باوەری زەواج گەورەترەدەکات. لەوەش ناخۆشتر لەبەر خاتری کۆچ ژن تەلاق دەدەن و خۆی قۆڵی ئەوروپای لێهەڵدەکاو ژنیش بێوەژنی و منداڵ بەخێوکردن. بۆ کوێ ئەڕۆن ئاخر ئەم نیشتمانە بەئێوەوە جوانە ئەم گەلە هێوای پێتانە، داهاتوو چاوی لێتانە